# پەرلەمانتارێك داوای سزادانی ئەو جاشانە دەكات كە بەشداری ئەنفالیان كردووە

## ئارێز عەبدوڵڵا : لەلای سەركردایەتی یەكێتی شكاتیان لێ كردم

## د.كەمال كەركوكی

## بەبەڵگەوە لەسەر هەركەسێك سەلمێنرا كە بەشداربووە لە ئەنفالدا ، ئێمە خۆمان دەیدەینە دادگا

## سەعدی ئەحمەد پیرە :

## هەركەسێك داوای لەسەر كەسێكی تایبەتی هەیە ، دەتوانێت لە دادگا شكاتی لێ بكات و ئێمەش پشتگیری لێ دەكەین

**راپۆرتی لڤین - هەولێر**


ئارێز عەبدوڵڵا

● لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوودا و لەو دانیشتنەی پەرلەماندا كە تایبەت بوو بە ساڵڕۆژی ئەنفالكردنی خەڵكی كوردستان، یەكێك لە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاری كرد، كە كاتی ئەوە هاتووە سزای ئەو موستەشار و سەرۆك جاشانە بدرێت كە بەشداری پرۆسەی ئەنفالیانكردووە.

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی سەوز لەبەردەم سەرۆكی پەرلەمان و ئەندامانیدا داوایكرد كە وەكو سزایەك ئەو سەرۆك جاش و موستەشارانەی بەشداری ئەنفالیانكردووە لەو ئیمتیازات و پۆست و دیوەخانانە بێبەش بكرێن كە حاڵی حازر هەیانە.

داواكارییەكانی عەبدوڵڵا لەبەردەم پەرلەماندا دەنگدانەوەیەكی گەورەی دروستكرد و خۆشحاڵی بەشێكی زۆری خەڵكیشی بەدوای خۆیدا هێنا، چونكە دوای (15) ساڵ لە حوكمی خۆماڵی لەم هەرێمەدا لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە چاوپۆشی لەم بابەتەكراوە و هەندێكجاریش كەوتوونەتە موجامەلەكردنیان.

ئارێز عەبدوڵڵا، كە لەوە دەچوو وتنی ئەو ڕاستییە شانازییەكی زۆری بۆ دروست كردبێت، وتی"دڵخۆشم بەوەی كە پشتگیری گەورەم لێكرا لەلایەن زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان و خەڵكییەوە، ئەوە مانای وایە داواكاری بەشێكی زۆری خەڵكە"

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو ئەندامەی پەرلەمان ئەوەی نەشاردەوە كە لەدوای ئەو قسەیەوە هەڕەشەی لێكراوە، بەڵام وەكو خۆی دەڵێت ئەو جۆرە هەڕەشانەی بەلاوە ئاساییە.

ئەو دەڵێت ئەگەر كەس بەرگریان لێنەكات ئەوان خۆیان دەزانن تاوانیان ئەنجامداوە.

ئارێز ئاماژەی بەوەكرد كە موستەشارێك تەلەفۆنی بۆكردووە و گلەیی لێكردووە كە بۆچی بەو جۆرە قسەی كردووە، بەڵام هەرخۆشی دانی بەوەدا ناوە كە ئەو قسانەی ئەو كردونی ڕاستن.

ئارێز دەڵێت"من دەزانم هەموو ئەو موستەشار و سەرۆك جاشانە بەبڕیارێكی سەركردایەتی كورد بڕیاری لێبوردنیان بۆ دەركراوە، ئێستا تەنها داوای ئەوە دەكەم ئەو هەموو موچە تایبەتی و ئیمتیازانەی دەیاندرێتێ بوەستێنرێت"، چونكە وەكو ئەو دەڵێت"ئەوە یەكێكە لە كارە دزێوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان"

هەرچەندە ئارێز ئەندام پەرلەمانێكی سەربە لیستی سەوزە، بەڵام واپێدەچێت ئەم قسانەی ئارێز بەلای سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە قسەیەكی بێزاركەر بووبێت.

(سەعدی ئەحمەد پیرە) ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان ئەو بابەتەی لە پەرلەماندا بەشێكی زیادە زانی و وتی"لە ڕاپەڕینی (1991)دا سەركردایەتی بڕیاری لێبوردنی دەركردووە بۆ ئەو كەسانە و ئەگەر دوای ئەوە شتێكی تازەیان نەكردبێت پێویست ناكات ئەو بابەتە زیندو بكرێتەوە"

پیرە، وتی"ئەو ئەندام پەرلەمانە ڕای شەخسی خۆی دەربڕیوە و ڕایەكی تەعبیر نییە لە ڕای لیستەكەی و حیزبەكەی، بەڵام بۆخۆی ئازادە و دەتوانێت پارێزگاری لە بۆچوونەكەی بكات ئەگەر ئەتوانێت"

لەبارەی ڕای یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەربارەی ئەو بابەتە، پیرە وتی"هەركەسێك شكاتی لەسەر هەریەكێك لەو سەرۆك جاشانە هەیە كە هۆكاربووە لە ئەنفالكردنی كەسوكارەكەی



د . کەمال کەرکوکی

دەتوانێت بچێتە دادگا و شکاتی لێبکات، ئێمەش پشتگیری دەکەین، بەڵام وەکو حیزب ئێمە بەدواداچوونی حیزبی ناکەین"

د. کەمال کەرکوکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە دەڵێت"هەرچەندە کاتی خۆی بەرەی کوردستانی بڕیاری لێبوردنی دەرکردووە بۆ ئەوکەسانە، بەڵام بڕیارەکەی سەرکردایەتی کوردی ڕوون و ئاشکرایە و ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە دەستیان بە خوێنی کورد سورە، بەڵام ئەگەر کەسێك لەسەری ساغ بێتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان خەڵکی کوردستانی شەهید کردووە، یان لە ئەنفالدا دەستی هەبووە، بە سزای خۆی دەگات، چونکە ئەوە تاوانێکی گەورەیە و شایانی لێخۆشبوون نییە"

کەرکوکی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت دیاریکردنی ئەو کەسانە پشت بەستووبێت بە بەڵگە و دیکۆمێنتی سەلمێنەر، نەك تەنها لەبەرئەوەی کەسێك کەیفی بە کەسێکی دیکە نایەت دەست بکاتە تۆمەت و درۆ هەڵبەستن بۆی، هەر بۆیە داوای کرد، ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانە کۆبکرێتەوەو بدرێتە دادگا.

کەرکوکی ڕای وایە "ئەگەر بە حەقیقەت کەسێك هەبێت دەستی هەبێت لە ئەنفال و بووبێتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی ئێمەی بە ئەنفالکردن دابێت پێویستە دیکۆمێنتەکانی لەسەر کۆبکرێتەوە و بدرێتە دادگا و وەکو سەدام سەیری بکرێت"

سەبارەت بەڕای حیزبەکەی دەربارەی ئەم بابەت کەرکوکی وتی"ئەگەر لەسەر کەسێکی دیاریکراو دیکۆمێنت هەیە و سەلماوە کە ئەم کەسە دەستی لە ئەنفالدا هەیە، ئێمە پشتیوانی لە دادگایی کردنی دەکەین، تەنانەت ئەگەر لەناو پارتیشدابێت و لەهەر ئاستێکی بەرپرسیارێتیدابێت، چونکە ئێمە وەکو پارتی ئامادەنین بەرگری لە قاتڵی میللەتەکەی خۆمان بکەین"

ئەگەر چی بەشێك لەو سەرۆك جاش و موستەشارانەی بەشداری ئەنفالیانکردووە لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی بەعسدا ناویان هاتووە، بەڵام د. کەمال کەرکوکی پێیوایە کە ئەو ڕۆژنامانە نابنە بەڵگە و دیکۆمێنتی سەلمێنەر، لەبەرامبەریشدا بڕوای وایە کە لایەنە سیاسییەکان و دەزگاکانی زانیاری و پاراستن هەندێك بەڵگەو ناوی گرنگی ڕژێمیان دەستکەوتووە و لەوانەیە بتوانن کارێکی لەو جۆرە بکەن.

ئاریز عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەکرد کە ئەگەر تائێستا یەکێتی و پارتی بیانویەکیان هەبووبێت، بەڵام دوای یەکگرتنەوەی ئیدارە ئەو بیانووەش نامێنێت، ئاریز وتی"لەبری خزمەتکردنی ئەو کەسانە دەتوانین خزمەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی پێبکەین"

دەربارەی ئەو ئیمتیازات و دیوەخانانەی لە ئێستادا دەدرێتە ئەو سەرۆك جاشانە، سەعدی پیرە پێیوایە کە ئەوە مەرکەزێکی کۆمەڵایەتییە، پیرە وتی"لەوانەیە بۆ دەیان کەس بڕابێتەوە و یەکێك لەوانە ئەوبێت"

د.کەمال کەرکوکی لەم بارەیەوە دەڵێت"بڕینەوەی دیوەخانانە تاوان نییە، بەڵام تاوان ئەوەیە کە خەڵکی تاوانکار هەبێت و دیوەخانانەی بدەیتێ، لەوانەیە نەیزانین، ئەگینا بە تەئکید پارتی هاوکاری هیچ کەسێك ناکات کە دەستی لە کوشتنی میللەتی خۆیدا هەبێت"

د. کەمال کەرکوکی کە لە هەمان کاتدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە سووربوونی پەرلەمانی کوردستانیشی لەسەر ئەو بابەتە ڕاگەیاند و وتی"ئەگەر بەڵگە لەسەر کەسێك هەیە پێمانی بدەن خۆمان دەیدەینە دادگا"

د. کەمال ڕای وایە کە دەبێت موستەشارەکان پۆلێن بکرێن و هەموویان وەکو یەك حیساب نەکرێن، چونکە بەبڕوای ئەو ڕزگارکەرە چەندین خێزانیش بوون لە ئەنفال، ئەو وتی"ئێستا خەڵك دێتە لامان و دەڵێت فلاّن موستەشار لە مردن ڕزگاری کردم، بەڵام هەیە تاوانکار بووە دەستی هەبووە لەو تاوانەدا، ئەگەر بگەینە ئەو ئەنجامەی کەسێك دەستی تیایدا هەبووە ئەبێت وەکو سەدام بخرێتە قەفەزی دادگاییەوە"

سەعدی ئەحمەد پیرە ڕای وایە کە خەڵکی وازی لەو داوایە هێناوە، چونکە وەکو ئەو وتی"سەرکردەکانی کورد کە مام جەلال و کاك مەسعود لە بکوژی کەسوکارەکەی خۆیان خۆشبوون و خەڵکیش ناچارە چاو لەوان بکات"

ئاریز عەبدوڵڵا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەو موستەشارانە نەك هەر موحاسەبە نەکراون بەڵکو ئێستا هەندێکیان بەڵێندەری ئاوەدانکردنەوەی کوردستانن، ئەو وتی"ئێستا ئەوان پارە لەسەر ئەو شوێنانە دەخۆن کە خۆیان کاولیان کردووە"

ئەو دەنگانەی لە پەرلەمانی کوردستاندا داوای دادگایی بەشدارانی ئەنفال دەکەن، تا چەندێك سەرکەوتوو دەبن و دەتوانن بڕیارێکی پەرلەمانی لە بارەوە دەرکەن؟ ئەمە پرسیارێکە داهاتوو وەڵامی ئەداتەوە؟



سەعدی ئەحمەد پیرە